# موقتەدا سەدر بە **پانی و درێژی**

## چوار خشتەکی

**(مورتەدێکی خوین حەڵاڵ)**

- بگرن رێگەی فەتواکانی نەوەکەی ئەبی تالب
- هەروەکو حەلقە لە گوێ یان بۆ ژین پاترۆن وقاڵب
- منم..! نەوە بارەکەی سەدری شەهیدی پێشرەوتان
- یادی خواو ئێوە قوڵپ ئەدا شەوانەو رۆژ لە دڵ تا لەب
- ****************
- ببورن لێم، دەرنەکەوتم شەوانی دکتاتۆری فاشی
- بەڵام ئێستا تریفەم دێ وەك مانگ هاوکاتی ئاباتشی
- کە دەرکەوتم ریشیشم سەری دەرهێناو گوگرە بوو
- لە هەیبەتم مامەریشە لە گۆرا ریشی خۆی تاشی
- *************************
- جبە و عەمامەی باوکم.. حەشاردا بۆ رۆژی تەنگانە
- بۆ ئەمرۆی پر لە ئازادی.. پێی ببمە شێری زەمانە
- تا رۆژی حەشر مەمنونی خزمی دوور و ئەسپەنیکم
- کە خۆمیان پاراست لە گومان پۆشاکەکەش لە مۆریانە
- *************************
- نوێژ و رۆژوم کەڵەکە بو ، لە ترسابو .. نەك بە رەزا
- شکم لە چوار دەوری خۆم بو ..لە خزمی دوور هەتا پورزا
- دەس بە دوعام لە بۆ باری کە خۆش بێ لە سەدا هەشتای
- عەهدە و کردومە لە گەڵیا.. باقی ئەگێرمۆ بە قەزا
- **************************
- ئێستاش هاتمە دەر لە کێلان.. هەر وەك شمشێری زولفەقار..!
- بەرز ئەفرم وەکو هەڵۆ نەك.. شەمشەمە کوێرەکەی پار

- چەپڵەی ئاڵۆش لە پشت خۆش بێ.. هەتا ئەبێ بەرز تر ئەفرم
- لە خوار خۆمەوە ئەبینم خەڵك وەكو دەعباو مشك و مار
- ************************
- ئستا لە سەر لوتكەی حەقم.. هێمن راماوم بێ1( لەبتە)
- بەو ئاسۆیە هیچ كەس ناگا.. جێی رۆڵەكەی ئالی بەیتە
- ئەوەی گوێ لە خەڵك ئەگری.. مل ئەدا بە بیری جەنگەڵ
- گەنمی ناو جاری جەنگەڵ.. كوشتەی 2(كالانە)و كەم پیتە
- ************************
- شایەن كردنی حەق و ناحەق.. پرۆسەیەكی زۆر سەختە
- پیاوی بە ویژدانی گەرەك.. گەر كاری پوختتان مەبەستە
- داد و ماف و  چارەنوستان.. پارێزراوە بێ خەم بنون
- دادپرسی بێداری ئێوە فیداتانە گیان و جەستە

****************

- مەبەستی دورو نزیكتان ئەبێ یەكێتی وڵات بێ
- سایكس بیكۆ و سورەی ئەنفال لاتان سەرتۆپی ئایات بێ..!
- لە پێناوی یەكێتیدا با وڵات ببێ بە زیندان
- تاكو ئازادی هەناسەش ئەی عێراقم بە فیدات بێ.
- **************************
- ئەو گەلەی داوای حەق دەكات.. داواكە تەپڵی بەتاڵە
- كنە لە یەكێتی دەكەن. . بكوژرێن خوێنیان زوڵاڵە
- گەر بێتو یەزید بجەنگی بەرامبەر بە جوداخوازی
- سەركردەی ئازا و بوێرە.. فەتوا دەم زادەی حەڵاڵە.
- ***********************
- ئەوەی خالید بە شەر گرتی.. لە فتوحاتو غەنیمە
- عەلی وەك ئیمان پاراستی.. كێ هات بۆ لای وتی نیمە
- كەركوك غەنیمەی ئیسلامە با سەركردە هەركێیەك بێ
- بەوەفام بۆی وەفای نەبی بۆ شیری پاكی حەلیمە.

****************

- ئەڵێن بۆ هەڵوێست وەرناگرى بەرامبەر فلولى بەعسى
- لە ئاستى دوژمنى دڵرەق گەر شێریش هەر ئەترسى
- ئەگەر دوژمن بە ئابرو بێ.. بەکەڵ لێى ئەبێ بە بەتەڵ،
- لە قیژەى مناڵ سڵ دەکات.. نەك قرمەى دەنگى بیکەیسى،
- **************************
- کە مناڵ بوم باوکیان بردم بە شێوەیەکى دڵتەزێنن
- هەر دوو گوێچکەم لێوان لێو بوو.. لە بەندو پەتو مەرگ و خوێن
- داواى هەڵوێست لە من مەکەن من چونکە جوچك ترساوم
- هەر چەند ئەکەم و ئەکۆشم چیبکەم  لێوانم نابزوێن.
- **************************
- بێجگە لەوە.. من و ئەوان لە دوریانێکا یەك ئەگرین
- بەرامبەر بە جوداخوازى..رەق هەڵوێست و دەمارگیرین
- ئەوان کەرکوکیان تەعریب کرد، منیش پێى لەسەر دادەگرم
- جیل ئەیدا بە جیلێکى کە.. رەگەزپەرستى و رق و کین.
- ****************
- بێ لە وانە.. نیواو نیوى دەروێشەکانم لە وانن
- بۆ ویست و ئامانج و خەوشم جەڵەب و  پرد و (تەیمان)3ن
- بە چ ئەقڵى..! لقى ژێرم وەك مەجبورە ببرمەوە
- بەوانەوە من دەستڕۆشتوم.. خەڵکیش وا دەستەودامانن،
- ************************
- من پەردەم بۆ مێژووى رەشیان  ئەوان پلەن لە بۆ پایەم
- ئەوان بە جین کاسەلێسو منیش چاوەروانى کایەم
- یەك بۆ یەکتر لە خزمەتاین وەك کەرکەدەنو چولەکە
- نەك قوربانى میلەتیان کەم بە هەمو میلەتیان نایەم
- ****************
- تکایە....مافى جەعفەرى خۆم دیارى دەکەم، بێ قاڵە

- بۆ ئێوەی عاشقی حوسەین.. حیجاب و توربەو  بەرماڵە
- لە ژێر بەیداخێکی رەشدا تا ماون لە سنگ بەن بگرین
- جاهل کەلاکی مردووە.. پاروی کرم و مشك و داڵە
- ************************
- مەنێن لە ملم کۆتی تاوان.. لە ئێستاوە پێتان دەڵێم
- من مناڵێکی هەرزە بووم.. گرۆی جەهل هاتنە سەر رێم
- دەستەودامان بوون کە ببم بە پێشەوا بۆ رێی عەدەن
- لەبەر ئەوەی کە سەیزادەم بوواریان نەدام بێژم کێم .

****************

- فەرهەنگ

(1)لەبتە:  جوڵان، یان بزوان

(2)کالانە: جۆرێکە لە گیا کە پێویست بە هەڵکێشان  چونکە باش نییە بۆ کشتوکاڵ بێ هێزی دەکات

(3) تەیمان : پەرژین